من ئەزانم ئەو دوو ئیدارەیەبۆ یەک ناگرنەوە
دیارەزۆربەی هەرەزۆرمان لەسەر ئەوە کۆکین کەرۆشەنبیران چاوساغ و رێ پیشاندەری کۆمەڵن ، رۆشەنبیرانیش بەشێوەیێکی گشتی خۆیان لەناو نووسەران و هونەرمەندان و خوێندەواران و خاوەن بڕوانامەکان ئەدۆزنەوەیان باشتر وایەبڵێین بۆ میللەتی کورد یان کۆمەڵگای کوردستان ئوا نووسەران و هونەرمەندان و خاوەن بڕوانامەکان و مامۆستایان و ...هتد چاوساغ و رێ پیشاندەری خەڵکن.
بەبەردەوامیش گوێمان لەپارت و لایەن و رێکخراوەکان ئەبێت باس لەوەئەکەن کەئەوان بەشێکن لەکۆمەڵ یاخود هەر هەموو کۆمەڵن یان زۆربەی کۆمەڵن ، هەر لایەنەو بۆ خۆی خۆی ئەکات بەبەشێک لەکۆمەڵ بەزۆر یان بەکەم ، بەهەر شێوەو جۆرێک بێت وا خۆیان دەرئەبڕن کەئەوان و کۆمەڵ لەیەکتر جیا نابنەوە.
هەر بۆیەش ئەڵێن چاوساغ و رێ پیشاندەرانی میللەت کەرۆشەنبیرانن ئاواش ئێمەچاولێکەری ئەوان ئەبین و لەسەر رێگای ئوان ئەڕۆین، هەمووشمان ئەزانین کەرۆشەنبیران لەکۆمەڵێک شێوەی جیا جیا و بەرەنگ و رووی جیاواز رێنمایمان ئەکەن..
لەناو ئەو پارتانەش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نشتمانی کوردستان لەپێشەوەی هەموو لایەنەکان باوڕیان بەوەهەیەکەئەوان لەسەر رێگای نووسەران و هونەرمەندان ئەڕۆن .
من ئەوەبڕوا ئەکەم چونکەبەچاوی خۆمان ئەوەئەبینین کەچۆن ئەم دوو پارتەپڕن لەهونەرمەند و نووسەری جۆرا وجۆر....
ئەلێرەش جارێکیتر بەدوادا رۆیشتنی پارتەکان لەسەر رێگای نووسەران و هونەرمەندان دووپات ئەبێتەوەکەهەمووومان ئەبینین دەمێکەململانەی نێوان هونەرمەندان و رۆشەنبیران و نووسەران و هتد.. بەوەیەکلا کرایەوەکەببن بەدوو بەش یان چەندین بەش .. هەر بۆیەش پارتەکان بەدەرس وەرگرتن لەمان ململانە و شەڕی خۆیان بەدابەش بوون و پارچەکردنی کوردستان درێژەپێداوە.
هەمووشمان ئەوەئەزانین کەتا ئەمڕۆش رۆشەنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و مامۆستایان و یاساناسان و پزیشکان و ...و...و....و...و.....و..... هتد بەردەوامن لەسەر ئەم دوو بەش بوونەی خۆیان و پارچەپارچەبوونیان ...
وەک لەسەرەوەش باسمان کرد کەئەمانەرێ پیشاندرەی میللەت و پارتەکانیشن وەئەوان بەرژەوەندی کۆمەڵگا باشتر ئەبینن ، وا دیاریشەکەبەش بوون و پارچەبوون بەرژەوەندیەبۆیەلەخۆیان دەستیان پێکردووەو پارت و لایەن و خەلکیش بەدوایان دا رۆیشتوون و رێنمایی ئەوانیان کردووە.
تا ئەمرۆش پارتەکان بەتایبەت پارتی و یەکیەتی وەهەر دوو ئیدارەو حوکمەتەکەش دلسۆزانەلەسەر بۆچوونەکان و رەووشت و هەلسوکەوتی ئەوانن وەسوورن لەسەر ئەوەی کەهەرگیز رێگای ئەوان بەرنەدەن، ئەمەش سەلماندنی قسەو کردەوەکانیان ئەگەینێ ...
.... من پێم وایەتوانیبم وولامی هەموو ئەو کەسانەبدەمەوەکەسەریان هەموو نهێنیەکەئەلێرەیە لەیەکنەگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەسوڕماوە....
بۆیەپێویستەهەر هەموومان لەمەو بەدوا رووی قسەمان بکەینەنووسەران و رۆشەنبیران و هونەرمەندان و یاساناسان و مامۆستایان و ....و....و....و... هتد کەبێن ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەش بێت خۆیان یەکبخەن و ئەم بەش بەشی و پارچەبوونەکۆتایی پێ بێنن، تا بزانین چۆن لەمەشدا ئەبن

بەنمونەو رێ پیشاندەر....

هەندرێن حەمەدەمین
٢١ی١١ی٢٠٠٥